بەشداریی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان لە کۆنفەرانسی نێونەتەوەیی ستۆکهۆڵم

کەژوهەوامان – سەرمایەگوزاریی لە ئاییندەماندا

International konferens

Vårt klimat-investera i framtiden

ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٦ ڕێککەوتی شەممە کۆنفەرانسی نێونەتەوەیی سەبارەت بەپاراستنی ژینگە و باشترکردنی کەژوهەوای زەوی لە ستۆکهۆڵم گیرا، پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات) بە ڕەسمیی داوەتی کۆنفەرانسەکە بوو.

کۆنفەرانس لەلایەن مۆنا ساهلین Mona Sahlin وتەبێژی پارتی سۆسیالدیموکراتی سوێد کرایە و یۆران پەرسۆن Göran Persson وتەبێژی پێشووی پارتی ناوبراو بە نیو کاژێر کۆتایی بە کۆنفەرانسەکە هێنا. لەوێدا خانم ماجۆرا کارتەر Majora Carter سیمینارێکی یەک کاژێریی سەبارەت بە پرۆژەی نەتەوەیی خۆیان لەو شارەی لێی دەژین بە ناوی "ساوس برۆنسێکی خۆگر" Sustainable South Bronx, USA پێشکەش کرد. ماجۆرا کارتەر خاڵگەلێکی سەرنجراکێشی سەبارەت بە شێوەکانی تێکچوون و تێکدانی کەژوهەوا لە ڕووی سیاسیەوە خستەبەردەست. بۆ نموونە پلانی پێشخستنی شار کاتێک دروستکردنی ڕێگای هاتوچوونی شارێگا (هایوەی) دەگرێتەوە ژیانی ئەو خانەوادانە لەبەرچاو ناگرێت و هەندێک جار ئەو خانەوادانە ناچارن لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگدا ماڵ و حاڵی خۆیان چۆڵ بکەن. کێشەی کەژو هەوا، بە ڕای ئەو کە لە ئەزموونی خۆیدا بینیوویەتی و مامەڵەی لەتەکدا کردووە، بە توندی پێوەندی بە مەسەلەی چینی کرێکاران و بێکاران و توانای پارەدارییەوە هەیە.

لەو ناوچانەدا کە بێکاریی زۆرە، بێ لە هەبوونی ڕێژەیەکی بڵند لە تاوانکاریی بە شێوەی جیاواز، هەروەها خانووبەرەی دروست و پلانبۆکراوی تێدا نییە، سیستەمی خۆڵ و خاشاک فڕێدان کەموکورتیی زۆر هەیە و هەندێک جار ناوەڕاست و چواردەوری ئەو ناوچانە هەر خۆی بنکەی فڕێدانی خۆڵ و خاشاکە و تەنانەت ناوچە زەنگیننشینەکانیش خۆڵ و خاشاکی خۆیان لەوێ فڕێ دەدەن و بنکە پیشەسازییەکان کە لەوێ هەن و کەمیشن هیچ بەرپرسیارییەک هەڵناگرن و بە گشتیی ناوچەکە زیاتر لە سەرەنوێلکێک دەچێت وەکوو لە شوێنی ژیان. خانم ماجۆرا باسی ئەو پرۆژەیەی خۆیانی کرد کە لە ماوەی چەند ساڵێکدا توانیوویانە باخ و باخچە ساز بکەن، ئاستی بێکاریی بهێننە خوار و شوێنی دروستی جێی ئاسایش و خۆش بۆ یەکتربینین و دیداری هاووڵاتیان ساز بکەن کە بە تایبەتی منداڵان و لاوان و پیران خۆیانی تێدا بەخێر بهێنن و تیایدا بحەسێنەوە.

خانم ماجۆرا لە سەرەتادا باسەکەی بەوە دەست پێکرد گوتی: ئەوی سەرنجی من لە بزووتنەوەی سۆسیالدینوکراتییدا ڕادەکێشێت ئەوەیە کە خاوەنی ئاییندەبینینە و لە بەدەربەستبوون بە پاشەڕۆژەوە پێ هەڵدەگرێت،

شایانی باسە هاوڕێیانی دیکە زیاتر لە ڕووانگای چینایەتیی و دەستەڵاتی سیاسیی ناوەندگیر و نێونەتەوەییەوە باسەکەیان درێژە پێدا. ڕیکاردۆ لاگۆس Ricardo Lagos نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی کەژوهەوا جەختی لەسەر ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی و زیاتر هاوکاریکردنی نێونەتەوەیی کرد. لە سەرتاسەری کۆنفەرانسەکەدا، بەتایبەتی یۆران پەرسۆن، سەرنجی هەمووانی بەلای ئەو خاڵە فرە گرینگەدا ڕاکێشا کە حەتمەن دەبێت میکانیزمی وا پێشبخرێن کە وڵاتانی هەژار و کەمتر لە ڕووی تەکنیکیەوە پێشکەوتوو بتوانن بەشداریی لە پرسی کەژوهەوادا بکەن. هەروەها کە دەبێت وڵاتانی پیشەسازیی و بەتایبەتی سوێد گرینگیی و بایەخێکی زۆر بە وزەگەلێک بدات کە قابیلی نوێکردنەوە بن و تەکنۆلۆژیا دەبێت بەو زووانە خەریکی وزەی هەوایی، خۆری و ئاویی بێت تا بتوانرێت واز لە وزەی فۆسیلی بهێنرێت. گرفتێکی گەورە لە پشت خراپبوونی باری کەژوهەواوە بەشی زۆریی سەرئەنجامی بەکاربردنی وزەی فۆسیلیی و خەلووزییە کە ئیتر بووە بە هۆی خراپکردنی کەژوهەواوە وا کە وشکەساڵیی و لافاو و سەحراپەیدابوون هەڕەشە لە ئاییندەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەن.

یۆران پەرسۆن هەروەها باسی گرینگی لەسەر هەبوونی ئاوی شیرین و ئاوی خوادنەوەی کرد کە هەڕەشەیەکی بەرچاوە لە بەردەم ئێستای مرۆڤ لە جیهاندا و کە هەڕەشەیەکی سەر ڕێگایە لە پاشەڕۆژێکی نێزیکدا.

کۆنفەرانسەکە هەنگاوێکی گرینگ و پێویستە لەو هەوڵە جیهانییەدا کە بۆ باشترکردنی ژینگە و ڕاوەستانی ئەو قەیرانە دەدرێت کە هەر ئێستا لە ژینگەی جیهان و مرۆڤایەتیدا ڕوو دەدات. هەروەها

جەختێكی سیاسیی گرینگە لە ئاماژەكردن بە ڕۆڵی وڵاتە سەرمایەدارییە زەنگینەكاندا كە بە پلەی یەك ئەوان لە پشت خراپكردنی ژینگەوەن و بە پلەی دووهەم دەبێت بەرپرسیاریی سیاسیی و ئابووریی خۆیان هەڵبگرن.

تەكنۆلۆژیا و پێشكەوتنی تەكنیكیی پێویست هەر ئێستا لە بەردەستدایە بەڵام لەبەر كێبركێی سیاسیی و ئابووریی سوودیان لێوەرناگیرێت. هەرچەندە لەسەر ئاستی یەكێتی ئورووپا سۆسیالدیموكراتەكان و بەگشتیی چەپ دەیانەوێت هەوڵێكی هەمەلایەنەی وا بدرێت كە پلەی گەرما تەنها لەسەر ئاستی دوو پلە زێدەگرهمبووندا بهێڵرێتەوە. بە پیی هەندێك لیتوێژەر دەنا لەوە زیاتر گەرمبوون دەتوانێت زەرەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر مرۆڤ هەبێت.

شایانی باس و هاوكات جێی داخە كە ڕووانگەیەكی كۆلۆنیالیستی لە كۆنفەرانسەكەدا جێی خاڵی بوو. لەوێدا دەنگی نەتەوەی بندەست نەبوو كە كێشەكانی خۆی سەبارەت بە خراپبوونی ژینگە و باری كەژوهەوا بخاتە ڕوو. بۆ نموونە خاكی نەتەوەی بندەست بە خراپترین شێوە دەڕەتێندرێتەوە و دزی و تاڵانیەكی بێسنوور ئەنجام دەدرێت، هاوكات كە نە هیچ سەرمایەگوزارییەك لە خاكی ئەواندا ناكرێت، بەڵكو سەرچاوەی ئاوی شیرینیان لێ داگیردەكردرێت و هەندێک جار وێرانیش دەكردرێت، كە سەرتاپای وڵاتیان دەكردرێت بە سەرەنوێلك و كە لە هەموو پلانكاریەكیی ژینگەپارێزیی و باشتركردنی دۆخی كەژوهەوا بێبەشن.

ئەڵبەت پارتی سۆسیالدیموكراتی كوردستان لە كەناڵەكانی خۆیەوە هەم ئەو ڕەخنانە بە شوێنی خۆی دەگەیەنێت و هەم هەوڵ دەدات لە ئاییندەدا بتوانێت بڵندگۆی خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەی كورد بێت. ئەمە هەم ئەركی سیاسیی ئێستاییمان و هەم بەشێكە لە ئایندەبینیی ئایدیۆلۆژیی و سیاسییمان.

جێی تێبینیە كە ستێفان ئێدمان Stefan Edman كە پیشەی بایۆلۆژە و هورەوەها نووسەر و سۆسیالدیموكراتێكی ناودارە بەڕێوەبەری كۆنفەرانسەكە بوو. نوێنەری پارتی سۆسیالدیموكراتی ڕووسیا كە هەروەها ئەندامی پارلەمانە وتارێكی سەبارەت بە هەوڵی ئەوان بۆ باشتركردنی كەژوهەوا و بۆ زیاتر چالاككردنی ڕووسیا لە پرسی باشتركردنی كەژوهەوادا پێشكەش كرد، لەوانە جێبەجێكردنی ڕێككەوتننامەی كایۆتا لەسەر ئاستێكی جیددیتر.

پارتی سۆسیالدیموكراتی كوردستان (ڕۆژهەڵات)

٢٠٠٨/٩/٦